گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق

بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئیران بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان "لەدوای داگیرکاری عێراق لەساڵی ٢٠٠٣"

م.ی. بارزان جەوهەر سادق

بەشی دبلۆماسیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان/ زانکۆی لوبنانی فەرەنسی

**زانیاری توێژینەوەکە**

**وەرگرتن:** ٢٠١٧/١/٢٣

**پەسەندکردن:** ٢٠١٧/٢/٢٧

**بڵاوکردنەوە:** ٢٠١٧/٣/١٥

**DOI:**
10.25212/lfu.qzj.2.1.01

***وشە سەرەکیەکان:***

Strategy, Foreign Policy, Iran, Kurdistan Region Iraq, Occupation

## پوختە

هەرێمی کوردستان بەسێ شارستانیەتی گەورە دەوردراوە (فارسی، تورکی، عەرەبی). لەدێرزەمانەوە خاکی کوردان بۆتە گۆڕەپانی پێکدادانی نێوان ئەم شارستانیەتیانە. هەرلەسەردەمی ململانێکانی دەسەڵاتداریەتی ئیسلام بەرامبەر فارسە ساسانییەکان و ڕۆمەکان لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە بگرە هەتا ململانێکانی ئیمپراتوریەتی عوسمانی و سەفەوی کەئیستە لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئێران و تورکیا سیاسەت دەکەن، هەرێمی کوردستان چەوسێنراوەتەو هەرجارەو بەهۆکارێکەوە بۆتە داشی ململانێکانی ئەم لایەنانە. لەهەر سەردەمێك میکانزمێکیان بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی هەژموون بەسەر هەرێمەکە، وەکو مێژووی پێکەوە ژیان، ڕەچەڵەك و ئیتنیك، ئاین، جیۆگرافیا، پشتگیری لەپێناو بەرژەوەندی تایبەت و ...تاد.

لەئیستەدا، ڕاکێش ڕاکێشی هەرێم دەستی پێکردووە بۆ چوونە پاڵ یەکێك لەبەرەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی یان جەمسەرەکانی ناوچەکە. جەمسەری شیعی کەئێران سەرکردایەتی دەکات سێ لای هەرێمی کوردستانی دەورداوە. ئێران، عێراقی شیعە و سووریای عەلەوی. ئەم جەمسەرە چۆتە نێو بەرەیەکی تری نێودەوڵەتی کە بەرەی رووسیایە. بەرەی دووەم یان بەرامبەر کەلەململانێی ڕاکێشانی هەرێمە بریتیە لەتورکیا، قەتەر، سعودیەو وڵاتانی سوننیین کەئەوانیش چونەتە پاڵ بەرەی سەرمایەداری یان وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوایە.

ئێران سیاسەتێکی دووفاقی بەرامبەر هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکات. لەلایەك سەقامگیری سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان بەبەشێك لەئاسایشی ووڵاتەکەی دەزانێ و ئامادەنیە دەستبەرداری بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی بێ لەهەرێمەکە بەتایبەت لەدوای سەربەخۆبوونی لەرووی سیاسی و دۆزینەوەو ناردنە دەرەوەی ووزەیەکی زۆری ئابووری، بەڵام لەهەمان کات بەهێزبوونی هەرێم

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق

بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و تێکەڵاوی لەگەڵ بەرەی سوونىه، تورکیاو رۆژئاوا یان راگەیاندنی دەوڵەتی باشووری کوردستان بەپچڕانی پشتێنی شیعی لەناوچەکەو هەڕەشـــەیەکی جددی ســـەر ناوچە کوردییەکانی ژێر دەســـتی و ئاسایشی ناوخۆی ئێران دەزانێ.

ئـەم توێژینـەوەیە دەیەوێت پەردە هەڵماڵێ لەســـەر هەڵوێســـتی سیاسـەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان. سـەرەتا هەوڵدراوە کـەچوارچێوەیـەکی تیوری ســـەبارەت بـەبەســـتنەوەی ســـیاســـەتی دەرەوەی ئێران بەتیورەکانی کۆنستراکتیڤیزم و ریالیزم لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و پەیوەندییان بەهەرێمی کوردســـتانەوە شـــی بکەینەوە، چونکە بەبێ ئەمە ناتوانین دەســـتنیشـــانی چۆنیەتی هەڵوێســـتی ئیران بکەین لەبەرامبەر هەرێمی کوردســـتان. لەبەشـــی یەکەم، راســـتەوخۆ دێینە ســـەر گرنگترین جومگەکانی ســـیاســـەتی دەرەوەی ئێران وەکو بنـەمـا فکرییـەکـانی ویلایـەتی فقهی، بنـەمـای تەوەلاو تەبەڕی ئینجا پراکتیزەکردنی ئەو سیاسەتە کلاسیکیە لەلایەن هێزی سـەربازی قودسـی سـەر بەپاسداران لەرۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ دروستکردنی بازنەیەکی ئاسایشی بەهێز بۆ ئێران. هەرلەوبەشە بـاس لـەپـەیوەنـدی نێوان عێراق و ئێران دەکـەین لـەســـەر بنـەمـای هەماهەنگی بۆ دژایەتی ســـوونەو پەیوەندییەکانیان لەســـەر بنەمای رێککـەوتنی جـەزائیر. لـەبـەشـــی دووەم، پـەیوەنـدییـە فـەرمی و نافەرمییەکانی نێوان هەردوو وڵات باس دەکەین. لەبەشـــی ســێیەم، ســـتراتیژی ئێران لەچەند پرسـێکەوە بەرامبەر هەرێمی کوردســـتان نیشـاندراوە، وەکو پرسی دابەشبوونی عێراق و دەوڵەتی سەربەخۆی باشـــووری کوردســـتان و کاریگەری لەســـەر ناهاوســـەنگی هێز بەســـوودی بەرەی ســـوونە. هەروەها هەڵوێســـتی ئێران لەکۆمەڵێك بەرژەوەندی لەهەرێم لەدوا باس خراوەتەڕوو.

**پێشەکی:**

ئێران خاوەنی ستراتیژێکی قوڵی سیاسـەتی دەرەوەیە بەرامبەر بەووڵاتانی دراوسێ و هەرێمی. سیاسـەتی ناوخۆو دەرەوەی ئەم وڵاتەنە راستەوخۆ کاریگەریان هەیە لەسەر سیاسەتی ناوخۆی ئیران. بۆیە ئیران زۆر بەووردی و بەجیاواز دەڕوانێتە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەریەک لەو هێزانەی دەووربەری.

هەرێمی کوردســـتان بەبەشـێکی کاریگەرو هەســـتیاری نێو بازنەی ئاســـایشـــی و ئابووری ئێران دادەنرێت. چەندین پرســـی چارەنووســـاز هەن لەنێوان هەردوو وڵات کە ئێران هەمیشـــە لەپرســـە یەکەمینەکانی ســـیاســـەتی دەرەوەی خۆی دایناون. پرســـی کورد لەناوخۆی ئیران و پارچەکانی تر, چاڵاکی پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵات و پارچەکانی تری کوردســـتان, دابەشـــبوونی عێراق و کاریگەری لەسـەر هەژموونی ئیران و ئاسایشی ناوخۆی, بەرژەوەندییەکانی ئابووری و بازرگانی و چەندین پرسی تری سەرەکی وایکردووە ئیران بەگرنگییەوە بڕاوانێتە هەرێمی کوردستان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهۆی شوێنی ستراتیژی هەرێمی کوردستانەوە لەرووی جیۆپۆلتیکیەوە,هەردووبەرەی سوننی و شیعی لەرۆژهەلاتی ناوەراست لەپێشبڕکێدان بۆ راکێشانی هەرێمی کوردستان بۆ نێوبەرەکەیان. جەمسەری شیعی کەئێران سەرکردایەتی دەکات سێ لای هەرێمی کوردستانی دەورداوە. ئێران، عێراقی شیعە و سووریای عەلەوی.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت پەردە هەڵماڵێ لەسەر هەڵوێستی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان. سەرەتا هەوڵدراوە کەچوارچێوەیەکی تیوری سەبارەت بەبەستنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەتیورەکانی کۆنستراکتیڤیزم و ریالیزم لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و پەیوەندییان بەهەرێمی کوردستانەوە شی بکەینەوە، چونکە بەبێ ئەمە ناتوانین دەستنیشانی چۆنیەتی هەڵوێستی ئێران بکەین لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان. لەبەشی یەکەم، راستەوخۆ دێینە سەر گرنگترین جومگەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران وەکو بنەما فکرییەکانی ویلایەتی فقهی، بنەمای تەوەلاو تەبەڕی ئینجا پراکتیزەکردنی ئەو سیاسەتە کلاسیکیە لەلایەن هێزی سەربازی قودسی سەر بەپاسداران لەرۆژهەلاتی ناوەراست بۆ دروستکردنی بازنەیەکی ئاسایشی بەهێز بۆ ئێران. هەرلەوبەشە باس لەپەیوەندی نێوان عێراق و ئێران دەکەین لەسەر بنەمای هەماهەنگی بۆ دژایەتی سوونەو پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەمای رێککەوتنی جەزائیر. لەبەشی دووەم، پەیوەندییە فەرمی و نافەرمییەکانی نێوان هەردوو وولات باس دەکەین. لەبەشی سێیەم، ستراتیژی ئێران لەچەند پرسێکەوە بەرامبەر هەرێمی کوردستان نیشاندراوە، وەکو پرسی دابەشبوونی عێراق و دەوڵەتی سەربەخۆی باشووری کوردستان و کاریگەری لەسەر ناهاوسەنگی هێز بەسوودی بەرەی سوونە. هەروەها هەڵوێستی ئێران دەربارەی کۆمەڵێك بەرژەوەندی لەهەرێم لەدوا باس خراوەتەڕوو.

**پرسیاری سەرەکی**

ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان لەدوای داگیرکاری عێراقەوە لەسەر چ بنەمایەك بونیادنراوەو هۆکاری مەترسی ئێران لەم پرسانە چییە:-

یەکەم: دابەشبوونی عێراق و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان لەرووی سیاسی.

دووەم: پرسی کورد لەناوخۆی ئێران و پێکدادانی ناسنامەکان.

سێیەم: پەیوەندی ئابووری هەرێمی کوردستان لەکەرتی ووزە لەگەڵ دەرەوە.

چوارەم: چونەبەرەیەکی دژ بەئێران لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە.

**گریمانەی لێکۆڵینەوەکە**

ئێران لەدوای داگیرکاری عێراقەوە بەپێچەوانەی پێشوو هەوڵی راکێشانەوەی هەرێمی کوردستان دەدات بۆ پاراستنی یەکگرتووی عێراق، لەپێناو باڵ بەسەرداکێشانی هەژموونی بەسەر تەواوی عێراق و تەواوکردنی پشتێنەی شیعە لەرۆژهەلاتی ناوەراست، هەر لەبەر ئەم ئامانجەشە ترسی هەیە لەپێشکەوتنی هەرێمی کوردستان، دەستپێکردنی پێکدادانی ناسنامەکان و ئاراستەی ناردنەدەرەوەی ووزە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە

بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لەم جۆرە بابەتە پێویستیمان بەزیاتر لەمیتۆدێکی زانستی دەبێت. بەشێوەیەکی سەرەکی توێژینەوەکە پشت دەبەستێت بە میتۆدی چۆنیەتی یان جۆری (نوعي- Qualitative Method) بەشێوەی هێرمۆنیتیکی، واتە تەنها شیکردنەوە لەسەر بنەمای ئەرگیومێنتە واقیعی و بەردەستەکان. لە شیکردنەوەی فەزای گشتی یان کۆنتێکستی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، دەمانەوێت تەنها بەشێك یان تێکستی هەرێمی کوردستان باس بکەین.

لەگەڕانەوە بۆ باسکردنی پێشینەیەکی پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان دەبێت میتۆدی مێژوویی بەکاربهێنین و لەشیکارکردنی کۆمەڵێك پرسی هەرێمی و ناوخۆیی ئێران و پەیوەندییان بەهەرێمی کوردستان دەبێت پەنابەینەبەر میتۆدی شیکاری. تەنها لەخستنەڕووی چەند داتایەکی بازرگانی و ئابووری میتۆدی چەندێتی (کمي- Quantitative) بەکاردێنین.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

هەرێمی کوردستان وەکو قەوارەیەکی سیاسی دیفاکتۆیی لەسنوورێکی درێژی دراوسێی ئێران هاتۆتەکایەوە. تەنها دوو دەوڵەتی دراوسێی هەرێمی کوردستان کە لەسەر پێی خۆیان وەستابن ئێران و تورکیان، بۆیە گرنگە هەڵوێستی سیاسی و ئابووری ئەم دوو وڵاتە بزانرێت بەرەوونی بەرامبەر هەرێمی کوردستان و داهاتووی پەیوەندییەکانی ئەم دەوڵەتە نوێیە.

ئامانجی توێژینەوەکە شیتەڵکردنی هەڵوێستی ئێرانە بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان، وەك ئەوەی ئێران چۆن دەڕوانێتە سیاسەتی هەرێم بەرامبەر بەدەوڵەتی شکستخواردووی عێراق، بارودۆخی هەڵوەشانەوەی سووریا، داگیرکارییەکانی داعش لەعێراق و سووریا و جەنگی شیعەو سوننە لەرۆژ هەڵاتی ناوەڕاست.

پێکدادانی ناسنامەکان (ئێرانی، کوردی) یەکێك لەتەوەرە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبێت کەئامانج لێی نیشاندانی رۆڵی ناسنامەیە لەکاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتی ئێران بەپێی تیوری کۆنستراکتیڤستی. چۆن ئێران ناسنامەی شیعەی لەهەندێ شوێن بۆ دروستکردنی هەژموونی و لەهەندێ شوێنی تر ناسنامە ئیسلامییەکەی بەکاردێنێ؟ ئەی هەرێمی کوردستان لەرووی ناسنامەوە(ناسنامەی نەتەوەیی) چۆن دەتوانێت وەکو چەکێکی بەرامبەر بەئێران بەکاریبهێنێتەوە؟ ئامانجمانە بزانین ئێران چۆن سیاسەتی ناسنامەکان رێك دەخات لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

## چوارچێوەی تیوری

تیورەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی و سیاسەتی دەرەوە زۆرن و ناتوانین ئاماژە بەهەموویان بکەین. ئەوەی جێگەی تێڕامانای ئێمەیەو سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی پێ دەخوێنینەوە بریتین لەهەردوو تیوری کۆنستراکتیڤیزم و تیوری ریالیزم.

لەڕوانگەی کۆنستراکتیڤیزمەوە[1]، سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەکان سەربەخۆ نین و وابەستەی کۆمەڵێك پرەنسیپ و بەهای کۆمەلایەتی و کولتوورین. لەسەر بنەمای ئەو ڕێسا کولتووریانە بڕیار دروست دەکەن ئەوەکو لەدەرەوەی ژینگە کۆمەلایەتیەکە[2]. "ناسنامە" بەبنەمای بووناسی کۆنستراکتیڤیزم دادەنرێت. لەڕوانگەی ئەمانەوە، دژایەتی ناسنامەیی فاکتەری سەرەکی جەنگ و قەیرانەکانی جیهانە، بەو واتایەی کە "پێکدادانی ناسنامەکان" هەیە پێش پێکدادانی شارستانیەتیەکان و پێکدادانی بەرژەوەندیەکان. لەسەر ئەم بنەمایە، ئێران هەرێمی کوردستان بەناسنامەیەکی جیاوازو تەنانەت لەپێکدادانە مەزهەبیەکە بەدژە ناسنامەی خۆشی دەزانێ. لەگەڵ پێکدادانی ناسنامە ئاینیەکە، پێکدادانی ناسنامەی نەتەوەیش ئامادەیی هەیەو بەچەشن و قەبارەی بەگژداچوونی ئاینی، ئێران سەیری ناسنامەو گۆنگرەی نەتەوەی کوردی دەکات وەکو هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ناسنامەی ئێرانی.

هەروەکو چۆن مرۆڤ خاوەنی ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیەتی و تیایدا ناسێنراوە، بەبڕوای کۆنستراکتیڤیزم دەوڵەتیش لەبازنەی نێودەوڵەتی خۆی خۆی پێناس کردووەو لەدەستووردا دەتوانین بەهاو بنەماکانی سیاسەتی ئەو دەوڵەتە بخوێنینەوە کەخۆی بۆخۆی دایناون. بۆیە دەبێ پێش هەر هەنگاوێك بۆ ناسینی سیاسەتی دەرەوەی وولاتان پەنابەینەبەر خوێندنەوەی ناسنامەکەی[3].وەکو بنەمای ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی لەدەستووری ئێران.

تیوری دووەم بریتیە لەریالیزم. ئەم تیورە گرنگی دەدات بەکەناڵەکانی کۆنترۆڵکردنی ئاسایشی ناوخۆو ژینگەی نێودەوڵەتی[4]. یەکێك لەگرنگترین گریمانە سەرکەوتووەکانی ریالیزم لەبواری ناوخۆو نێودەوڵەتی بریتیە لەجەخت کردنەوە لەسەر ململانێ لەسەر هێزو بەرژەوەندی. وێناکردنی جیهان بەئەنارشی(فەوزا)و چڕکردنەوەی ململانێکانی وولاتان لەسەر هێز و بەرژەوەندی بەهەر سیاسەتێك بێت، یەکێکە لەبنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. ئەم وڵاتە جیهانی دابەش کردووە بەسەر ماڵی ئاشتی و ماڵی شەڕ وەکو بنەمایەکی پەیوەندی نێودەوڵەتی لەئیسلامدا هەبوو[5]. هانس مۆرگن ساو (Hans Morgenthau)، کاڕ(Carr)و هنری کیسنجەر(Henry Kissinger) وەکو ناودارترین بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە بایەخ بەهێزی ڕەق و هێزی نەرم لەبواری پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی دەدەن. تەنانەت (ساو) جگە لەبەرگری بۆ هەموو بوارێکیتریش ڕێگە بەدەوڵەت دەدات بۆ جەنگ[6]. ئێران هەمیشە لەپشتی پرچەککردن، مەشقدان، هاندانی خۆپشاندان دژی سەرکردایەتی سوونە لەوڵاتانی کەنداو ئیسلامی، هەروەها دروستکردنی پشتێنێکی شیعی پتەوە لەرێگەی بەکارهێنانی هێز لەرۆژهەڵاتی ناوەراست، وەکو لەهەرێمی کوردستان، عێراق، سووریاو لوبنان بەئاشکرا دەیبینین[7].

---

1 تیورێکی نوێی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانەو لەدەیەکانی کۆتایی سەدەی رابردوو لەلایەن نیکۆلاس ئۆنفەوە خراوەتەروو لەکتێبی (جیهانی دروستکراوی ئێمە) لەسالی 1989. پەروێز رەحیم، سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، خانەی موکریانی، هەولێر، 2014، ل48.

2 هەمان سەرچاوە، ل48-49.

3 هەمان سەرچاوە، ل50.

4 Isksal, H. (2012). Advance International Relations Theory. Master Lecturers at Girne American University.

5 ئێران دەیەوێت هەمانبنەماپەیوەندینێودەوڵەتیلەسەردەمیحوکمیئیسلامیلەسەدەیحەفتەمەوەهەتاساڵی 1923 جێ بەجێ بکات کەجیهانی دابەش دەکرد بەسەر سێ بەش بۆ پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی( دار السلام، دار الحهد و دار الحرب). بڕوانە د. سعد حقی، تأريخ العلاقات الدولية, جامعة بغداد, 2009. ص15-25.

6 Isksal, H. (2012).

7 بۆ خوێندنەوەی پشتگیرییەکان و چالاکیە چەکدارییەکانی ئێران لەووڵاتانی تر بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

بەپێچەوانەی ریالیستەکان، ئەلکساندر ونت(Alexander Wendt) و کۆنستراکتیڤیستەکان، داکۆکی لەسەر چەمکی "ناسنامەو بەرژەوەندی" دەکەنەوە لەجیاتی "هێزو بەرژەوەندی" لە ئەنارشی نێودەوڵەتی[1].

خاڵێکی هاوبەش هەیە لەنێوان هەردوو تیوری ریالیزم و کۆنستراکتیڤیزم کەسیاسەتی دەرەوەی ئێران جەختی لەسەردەکاتەوە، ئەویش جەنگە لەپێناو پاریزگاری لەناسنامەو بەرژەوەندی ئێران. هەروەك لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، ئێران لەرێگەی پاریزگاری ناسنامەکەی، دەیەوێت هەوڵی فراوانخوازی بدات. ئەمە هەم جەختکردنەوەیە لەسەر گریمانەکانی ریالیزم (ترس لەمانەوە، بایەخدان بەبەهێزبوون لەبواری نێودەوڵەتی، گرنگیدان بەبواری سەربازی، وێناکردنی بەربەستەکانی بەردەم بەرژەوەندی ئێران بەدوژمن و دارالحرب...تاد، وە هەم دڵنیاییبوونەوەیە لەپارێزگاری ناسنامەی ئیسلامی لەهەندێ کات و شیعە لەهەندێ شوێن و کات بەگشتی.

شیکەرەوانی هەردوو تیوری نێودەوڵەتی کۆکن لەسەر ئەوەی ئێران بنەماکان و کارەکتەرەکانی مێژووی شیعە کە لەناسنامەکەیدا چەسپاندوونی بەکاردێنێ بۆ بەرزکردنەوەی هەژموونی لەناوچەکە. کۆنستراکتێڤیستەکان بۆ ئەم مەبەستە بنەمای ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی بەگرنگ وەردەگرن[2]. لەدیدی ئەمانەوە، ئێران دەستوەردان لەکاروباری وولاتانی شیعەنشین بۆ زیندوهێشتنەوەی ناسنامەی شیعیە[3]. نیو ریالیزمەکانیش لەم چوارچێوەیەدا جەخت لەسەر بەهێزبوونی دەوڵەت، بەرژەوەندی نەتەوەیی و هەوڵی دروستکردنی هاوسەنگی هێزدەدەن لەگەڵ بەرەی سوونە لەلایەن ئێرانەوە[4]. کەواتە ئێران لەسیاسەتی دەرەوەی خۆی لەسەر بنەمای گریمانەکانی کۆنستراکتیڤیزم و ریالیزم سیاسەت دەکات.

## بەشی یەکەم: سیاسەتی دەرەوەی ئێران

ئێران تێڕوانینێکی سوونەتی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان. بەهاوکێشەی بردنەوەو دۆڕاندن(Lose - Win) سەیری پەیوەندییەکانی خۆی دەکات لەگەڵ هەرێمی کوردستان. بەشێوەیەك ترسی ئەوەی هەیە کەبەهێزبوونی کورد دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتیکی سەربەخۆ لەباشووری کوردستان دروست بێت و کاریگەری لەسەر کوردانی رۆژهەڵات لەسنووری وولاتەکە هەبێت[5].

---

Salehzadeh, A. (2013). Ira n's Domestic and Foreign Policies. National Defence University, Department of .Levitt.M (2005). Hezbollah: Financing Terror 8Strategic and Defence Studies.Vol. 4. No 49. P. 1 through Criminal Enterprise, The Washington Institute for Near East Policy.pp3-5.Cordesman.A (2006).Iran's Support of the Hezbollah in Lebanon.Center for Strategic and International Studies. Washington, DC. P2.

Sadeq, B. (2012). Regional influence of Iran."The case of Hezbollah".Girne American University.Department of International Relations.P. 19.Hicks, N. (2000).The Human Rights of Kurds in the Islamic Republic of Iran.Middle East and North Africa of the Lawyers.Committee for Human Rights. Pp. 6-7.

[1] پەرویز رەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل58-59.

[2] Luomi, M. (2008).Sectarian Identities or Geopolitics?The Regional Shia-Sunni Divide in the Middle East.The Finnish Institute of International Affairs.Working Papers.No. 56.P.15.

[3] Ibid.

[4] Ibid.

[5] چاوپێکەوتنلەگەڵپ.ی. د. سالحمەلاعمرعیسا،مامۆستالەبەشیزانستەسیاسییەکانیزانکۆیسەلاحەدین. رۆژی 2یئازاری 2016. هەولێر. کاتژمێر 3:00ی دوای نیوەڕۆ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرلەسەرەتاوە ئایەتوڵڵا علی خامەنایی چەند پرەنسیپێکی سەرەکی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیران جێگیرکردووە وەك، پرەنسیپی ناردنە دەرەوەی شۆڕش، بەرگری کردن لەیەکگرتنی ئیسلام و موسوڵمانەکان یان یەکگرتنی ئومەی ئیسلامی، ڕێزگرتن و دەستوەرنەدان لەکاروباری وولاتانی تر، نە پرەنسیپی ڕۆژهەلات و نەپرەنسیپی ڕۆژئاوا، بەڵکو پرەنسیپی کۆماری ئیسلامی، یارمەتی بزوتنەوە ئازادیخوازەکان و چەند بنەمایەکی تر[1]. لێرەدا پێوسیتە لەسەر چەند خاڵێك بوەستین. یەکەم، ئیران چەمکی ئومە لەجیاتی نەتەوە بەکاردێنێت، دەیەوێت شوناسە ئاینیەکە وەکو چەکێکی بەهێز بەکاربێنێت بۆ فراوانخوازی سیاسەتی دەرەوە. لەهەرشوێنێکیش برەخسێ چەکی مەزهەبی دێنێتە پێشەوەی ئیسلامەتی. دووەم، پارادۆکسێك لەنێو پرەنسیپەکانی سیاسەتی دەرەوەی هەیە، ئەویش پێچەوانەیی نێوان دەستوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی وولاتان و یارمەتی بزوتنەوە ئازادیخوازەکان. پێش هەموو شت هەرکات بەرژەوەندی پێنیشاندرابێ دەستی هەڵگرتووە لەم پشتگیرییانە، وەکو پشتتێکردنی بزووتنەوەی رزگارخوازی کورد لەساڵی 1975 بەهۆی بەرژەوەندییەکانی لە شەتولعەرەب. ئینجا پاڵپشتیکردنی گروپە چەکدارەکانی نێو لوبنان، فەلەستین، سووریا، یەمەن...تاد، نەك هەردەستوەردانە لەکاروباری ناوخۆی ئەم وولاتانە، بەڵکو خەریکە جەنگێکی جیهانیش بەدوای خۆی دێنێ. ئێران لەرێگەی سەربازی و ئایدۆلۆژی ئەم دەستتێوەردان و فراوانخوازییانە جێبەجێ دەکات وەکو لەخوارەوە ئاماژەی پێکراوە.

ئێران لەئیستەدا بەهیچ شێوەیەك ناسنامەی نەتەوەی بەکارناهێنێ، بەڵکو ناسنامەی مەزهەبی بەرزکردۆتەوەو بەم هۆیەشەوە گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی دابەشی سەر دووبەش کردووە یان دووبەرەی دژ بەیەك (جیهانی شیعە بەرامبەر جیهانی سووننی). بەپێچەوانەوە، هەمیشە سوونیەکان ناسنامەی پان-عەربیزم و ناسنامە نەتەوەییەکە دەورژێنن بۆ مانەوەی سیتسمەکە وەکو خۆی.

## باسی یەکەم: بنەمای ویلایەتی فەقیە و تەوەلاو تەبەڕی

یەکێك لەبنەما سەرەکییە فکرییەکانی شیعەی دوازدە ئیمامی ئەوەیە کەپێیان وایە لەدوای دیارنەمانی ئیمامی دوازدەیەمی شیعە(مەهدی)، دەبێ حوکمی سیاسی بەپێی بنەمای فەقیە بێت هەتا ئەو کاتەی ئیمام مەهدی دەگەڕێتەوە. باوەڕیان وایە، لەئامادە نەبوونی ئیمامی دوازدەیەم دەبێ پەیرەوی ویلایەتی فەقیە بکەن و کەسێك بەبریکار دەسەڵاتی ئەم ویلایەتە بەکاردێنێ[2]. ئێران بەرگری دەکات لەتەواوی ویلایەتەکانی شیعە لەهەرشوێنێکی جیهان بن. لەسەر بنەمای تەوەلاو تەبەڕی هەوڵی دۆستایەتی(تەوەلا) ئەو وولاتانە دەدەن کەبەدۆستانی خودا ناویان دەبەن بۆ نەفرەتکردنی (تەبەڕی) ئەو کەسانەی کەدوژمنی خودان[3].

ئێران ئەم بنەما مەزهەبیانە جێ بەجێ دەکات، هەروەکو لەعێراق دژ بەداعش و سوونەکان یان لەلوبنان بۆ پشتگیری حزبوڵڵا. بەڵگەیەکی تر، ڕۆژانە لەهەواڵەکان دەبینین پاسداری ئێرانی وەکو کاری جیهادی لەسووریا دەکوژرێن بۆ بەرگریکردن لەسووریا کە وەکو لەوویلایەتی فەقیهی لێی دەڕوانن.

---

[1] Salehzadeh, A. (2013). Ira n's Domestic and Foreign Policies. National Defence University, Department of Strategic and Defence Studies.Vol. 4.No. 49.P. 19.

[2] پەرویز رەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل100.

[3] هەمان سەرچاوە, ل101.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتە سیاسەتی دەرەوەی ئیران دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی مەزهەبی. بەومانایەی لەسەر بنەمای ویلایەتی فقهی و تەوەلاوتەبەڕی هەوڵی پارێزگاری ماڵی ئاشتی (دارالسلام) دەدات لەجیهاندا لەجێگای دەوڵەت - نەتەوە. ئێران سنووری جیۆگرافیای سیاسەتی دەرەوەی بەپێوەری باوەڕی ئاینی دەپێوێ، نەوەکو سنووری دەوڵەت نەتەوە یان سنووری جیۆگرافیای دەوڵەتان بەپێی یاسای نێودەوڵەتی[1]. لێرەدا پێویستە تەنها ئاماژە بەدوو شوێنی جێبەجێکردنی ئەم بنەمایەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بدەین کەپەیوەندی راستەوخۆیان بەهەرێمی کوردستانەوەش هەیە.

**یەکەم: پاراستنی بەشار ئەسەد**

دیسان پارادۆکسێك لەسیاسەتی دەرەوەی ئیران دەبینرێت لە "پرەنسیپیهاوکاری بزوتنەوە رزگاریخوازەکان". لەسەردەمی بەهاری عەرەبی بینیمان ئێران چۆن هاوکاری خۆپیشاندانەکانی شیعەی کرد لەبەحرین دژ بەپاشای ئەم وولاتە، بەڵام بەپێچەوانەوە لەسووریا دژی خۆپیشاندانەکان وەستایەوەو پشتگیری رژێمی بەشار ئەسەدی کرد[2]. ئەمە نیشانی دەدات کەئیران تەنها بەرژەوەندی خۆی لەبەرچاو دەگرێت بۆیە گروپە شیعیەکانی جیهان بەکاردێنێت بۆ بەهێزبوونی خۆی یان ناردنە دەرەوەی کێشە ناوخۆییەکانی، ئەگەر وانیە بۆچی ئێران پشتگیری ئەرمەنستانی مەسیحی دەکات بۆ دژایەتی ئازربایجان کەزۆرینەی شیعە مەزهەبن[3].

سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی ئێران، موحەممەد عەلی جەعفەری بەئاشکرا گوتی ئیران لەرووی دارایی، سەربازی، سیاسی و دیپلۆماسی هاوکاری بەشار ئەسەد دەکات بۆ ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەر سووریا. بێگومان سووریا بۆ ئێران ناوچەیەکی جیۆپۆلەتیکی و ستراتیژی گرنگە، بەتایبەت بۆ ناردنە دەرەوەی ووزە، لەدوای مۆرکردنی رێککەوتنێك لەنێوان ئێران، عێراق و سووریا لەساڵی 2013[4]، ئێران دەیەوێت ووزەکەی بگەیەنێتە بازارەکانی جیهان لەئاوەکانی دەریای سپی ناوەراست. جگە لەمانەش، ئێران چەندین هاوبەشی تری هەیە لەگەڵ سووریا وەکو، سەنتەری عەلەوی و جێبەجێکاری شیعیزمە، تەنها کەسایەتی عەرەبی نزیك لەئێرانە، کلیلی جموجوڵەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و گەیاندنی هاوکارییەکان بەحزبوڵڵاو گروپەکانی ترە، هەروەها ترسی هەیە ئیسلامییەکی توندرەوی سوننی بێتە جێگەی ئەسەدو ببێتە هەرەشە بۆسەر حزبوڵڵا[5]و عەلەوییەکان و گروپەچەکدارەکانی نزیك لەئێران لەناوچەکە.

ئێران دەیەوێت هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوەی عێراق و سووریا بکەوێتە ژێر هەژموونی ئێرانەوە. تەنها بەربەست لەنێوان ئەم سێ هاوپەیمانە واتە سنووری ئێران - عێراق بەرەو سووریا بریتیە لەهەرێمی کوردستان، بۆیە دەیەوێت بۆ بەهاناوەچوونی خێرای سووریا، حزبوڵڵاو هاوپەیمانەکانی تری نزیکترین رێگا کەهەرێمی کوردستانە بەکاربێنێ بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام هەرێمی کوردستان دەیەوێت هاوسەنگی دیپلۆماسی رابگرێ لەپەیوەندییەکانی دەرەوەیدا، چونکە تورکیا دوو

---

[1] پەرویزرحیم و کامەران محمد، ناسنامە: سیاسەت و ئاسایشی نەتەوەیی: کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا وەك نموونە، سیمیناری سەنتەری توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی( CPSS ) ،کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، رۆژی 21ی کانونی یەکەمی 2015.

[2] Salehzadeh, A. (2013: 23).

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ پ.ی. د. سالح مەلا عمرعیسا، سەرچاوەی پێشوو.

[4] Salehzadeh, A. (2013:23).

[5] Katzman, K. (2015). Iran's Foreign Policy.Congressional Research Service.P. 1.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق

بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەقەت ئێران گرنگە بۆ هەرێم. بۆیە تاوەکو ئیستە ئێران نەیتوانیوە خاکی هەرێم بەکاربێنێت بۆ گەیشتنی هاوکارییەکانی بۆ سووریا. چەندجارێکیش هەوڵی نزیککردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەشار ئەسەدی داوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە.

## دووەم: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بەئەمریکا لەعێراق

دەتوانین ئەمە دابەشی دوو قۆناغ بکەین. سەرەتا ئێران لەترسی گەیشتنی ئەمریکا بەسنوورەکانی و لێدانی لەلایەن ڕۆژئاواوە زۆر بەتوندی دژایەتی ئەمریکای دەستپێکرد. ئێران لەدۆکترینی جۆرج دەبلیو بۆشەوە لەدوای عێراق پاڵێوراو بوو بۆ هێرش کردنەسەری لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە. لەقۆناغی دووەم کە لەدوای ساڵی 2006ەوە دەستپێدەکات، ئەم دژایەتیە گۆڕا بۆ هاوکاری نهێنی و دواتر ئاشکرا. دوای ئەوەی هەردوو وڵات لەبەغدا دانیشتن لەساڵی 2006[1]، ئەم ڕێککەوتنە درێژبوەوە لەنێوانیان هەتا هەمەهەنگییەکانیان بۆ لێدانی داعش[2] و دواتریش ڕێککەوتنی ئێران و 5+1. بەبڕوای هەردوو وڵات هەردووفاکتەری بەرژەوەندی هاوبەش و دوژمنی هاوبەش کۆلەکەی سەرەکی نزیکبوونەوەو ڕێککەوتنی نێوان هەردوو وڵات پێکدەهێنن لەعێراقدا[3]. هەرچەندە کابینەی ڕوحانی سەیری عێراق دەکات وەکو هەنگاوێکی شاراوە بۆ کەمبوونەوەی گرژی لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام هێشتا ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران وەکو گۆڕەپانی ململانێ تێیرادەمینێت[4].

## باسی دووەم: سوپای قودس و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئێران بەدەستوور ڕێگەی بەناردنە دەرەوەی شۆڕش و فراوانخوازی هەژموونی شیعەداوە. ئەوەتا لەدیباجەی دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێراندا هاتووە کە "سوپای پاسداران تەنها ئەرکیان پاراستنی سنوورەکانی وڵات نیە، بەڵکو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ، جیهاد لەپێناو خوداو خەباتکردن لەپێناو پەرەسەندنی دەسەڵاتی یاساکانی خودا لەجیهاندا لەئەستۆی سوپای پاسداران و ئەرتەشدایە"[5]. ئەم سوپایە دەستی گرتووە بەسەر سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی ئەم وڵاتە. ئەوەی جێگەی بایەخی ئێمەیە سوپای قودسە کەسەر بەسوپای پاسدارانە بۆ چالاکییەکانی دەرەوەی سنووری ئێران. ڕۆژانە چالاکییەکان و جموجۆڵی سوپای قودس گوێ بیست دەبین و دەبینین لەهەرێمی کوردستان و عێراق، سووریاو لوبنان. بۆ ئەم مەبەستە، ئامانجی ئێران لەئاراستەکردنی سوپای قودس لەدەوری دوو بازنە دەخولێتەوە:

---

[1] چاوپێکەوتنلەگەڵپ.ی. د. سالحمەلاعمرعیسا، سەرچاوەی پێشوو.

[2] Esfandiary, D. and Tabatabli, A. (2015) "Iran’s ISIS policy". Oxford: International Affairs. No. 91.P.1.

[3] Alazzam, A. (2014). US-Iranian Rapprochement; Motives and Implications.14th International Academic Conference. Al al-Bayt University. P. 14.

[4] Nader, A. (2015). Iran’s Role in Iraq; Room for U.S.-Iran Cooperation? Washington: Rand Corporation. P. 17.

[5] پەرویز ڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو, ل82.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## یەکەم: بازنەی ئاسایشی

بۆ ئەم بابەتە، رۆژهەڵاتی ناوەراست دابەشی چەند ئاستێك كراوە لەسیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. هەرێمی كوردستان لەئاستی یەكەم لەگەڵ ووڵاتانی تری كەنداوی عەرەبی ئەژماركراوە. بەهۆی ئامادەبوونێكی چالاكانەو بەهێزی هێزەكانی دژ بەئێران لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، ئێران ستراتیژێكی تایبەتی بەرامبەر بەم ووڵاتانە گرتوتەبەر بۆ پاراستنی ووڵات لەهەڕەشەی دەرەكی. ئەم ناوچانە هەم لەبواری ئاسایشی سیاسی و ناسنامە، هەمیش لەبواری ئاسایشی ئابووری بۆ ئێران گرنگن[1] بۆنموونە لەئاڵوگۆری ووزە یان ناردنە دەرەوەی نەوت و غاز، كەنداوی فارس و ئاوەكانی دەریای سپی ناوەڕاست شوێنێكی ستراتیژین بۆ گەیشتن بەجیهانی دەرەوە. رۆژانە نەوتی رەش لەلایەن هەرێمی كوردستان دەنێردرێتە ئێران و بەپێچەوانەوە نەوتی پاك و بەنزینی ئێرانی هاوردە دەكرێت. بۆ هەموو ئەو ئاڵوگۆڕیانەو پارێزگاریكردن لەئاسایشیان، سوپای قودس ئەركی سەرەكی پێسپێدراوە لەلایەن سیاسەتی دەرەوەی ئێران.

عێراق لەلایەن ئێرانەوە بەبازنەیەكی تەواو ئاسایشی ووڵات ئەژمار دەكرێت لەدوای ساڵی 2003ەوە. نموونەش بۆ ئەمە ئەجێندای سیاسی ئێران بۆ رێكخستنی حوكمڕانی شیعی لەعێراق، لەناوبردنی بەعسی و سوونەكان، هاندانی پارتە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان كەهاوسنوورن لەگەڵ ئێران بۆ دوورخستنەوەی هەژموونی رۆژئاواو ئیسرائیل لەسنووری ئێران، پارێزگاری لەسامەڕا، بەغداو ناوچە شیعیەكانی تر لەجەنگی داعش، بەهەمان شێوە دوورخستنەوەی داعش لەناوچەكانی هەرێمی كوردستانی نزیك لەسنووری ئێران. لەبەرامبەر ئەم سیاسەتەشدا، لەدیدی ئێران هەمیشە لاوازی هەرێمی كوردستان وایكردووە ببێتە ناوەندێكی ئاسان بۆ دروستكردنی بنكەی هەواڵگری و گەیشتنە سەرسنوورەكان. بۆیە ئێران دەترسێت هەرێمی كوردستان ببێتە ئیسرائیلی دووەم لەناوچەكە[2].

## دووەم: بازنەی جیۆپۆلەتیكی

ئێران دەیەوێت بۆ گرەنتی كردنی پاراستنی ووڵاتەكە و درێژكردنەوە یان فراوانكردنی سنووری جیۆپۆلەتیكی ووڵات، سوود لەو زەویانەی تر وەربگرێت كە شیعەی لەسەر نیشتەجێیە. بۆ ئەم مەبەستە لەسەرئاستی جیۆپۆلەتیكی چاوی بڕیوەتە ووڵاتانی كەنداو لەدوای شكستی ئەمریكاو كشانەوەی هێزەكانی لەعێراق لەساڵی 2011[3].

زۆربەی ئەو ووڵاتانەی كەشیعەیان تێدا دەژی[4] و ووڵاتی سونین، ئێران بەهەڕەشەیەكی گەورە دەزانن لەسەر ئاسایشی ووڵاتەكانیان[5]. عێراق بەجارێك لەلایەن ئێرانەوە مۆنۆپۆڵكراوەو بەسنووری

[1] پەروێز رەحیم، ل156.
[2] لەناوچەی هەورامان لەسەرسنووری هەرێمی كوردستان- ئێران، چەند بنكەیەكی هەواڵگری ئیسرائیلی و ئەمریكی لێییە كەتەنها چەند سەد مەترێك دوورە لەسنووری ئێران.
[3]Nerguizian, A. (2014). The Struggle For The Levant Geopolitical Battles and the Quest for Stability. Center for Strategic & International Studies.P. 188.
[4]ئەمە رێژەی بەشێكی زۆری ئەو ووڵاتانەیە كە شیعەیان تێدا دەژی و ئێران دەیەوێت لەرووی بەهێزبوونی جیۆپۆلەتیكیەوە بەكاریان بهێنێت:
ئێران 90%، بەحرێن 75%، عێراق 65%، لوبنان 45%، كوێت 30%، سعودیە10%، قەتەر 16%، سووریا16%، ئیماراتی عەرەبی 6%، پاكستان 20%، ئازربایجان 75%، ئەفغانستان 19%، هندستان 1%...تاد.
Luomi, M. (2008:3).
[5]Ibid, 4.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەواوی دەسەڵاتی ئێران دادەنرێت[1]. بەڵگەش بۆئەمە پێکهێنانی کابینەکانی حکومەتە لەم وڵاتە لەژێرسەرپەرشتی ئێرانیەکان یان بۆ ئەرگیومێنتیکی تر دەتوانین سەیری پاراستنی ناوچە شیعیەکان بکەین لەلایەن سوپای پاسدارانەوە دژ بەداعش. عێراق بەجارێك بۆتە گۆڕەپانی یەکلایکردنەوەی ململانێکانی سوننەو شیعە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێران هەمیشە هەوڵی بەستنەوەی سنووری هەژموونی جیۆپۆلەتیکی شیعی یان پشتێنی شیعی دەدات لەئێرانەوە بۆ عێراق، دواتر سووریا، ئینجا لوبنان و لەلاشەوە بۆ یەمەن، کویت بەحرێن. گەورەترین شەڕی لەبری(Proxy War) داعش و هێزە شیعەکان لەعێراق، سووریا، هەروەها حوسییەکان و هێزەکانی سووننی یەمەنی لەیەمەن بۆ بەرەی سووننەو شیعە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیکەن.

بەبڕوای شیکەرەوانی ریالیزمی نوێ(نیو ریالیزم) ئێران خەریکە ئەو بەش بەشییە شیعیەی هەیە لەسیاسەتی هەرێمی، لەرۆژهەڵاتی ناوەراستی دوای سەدام، بەرەو راهاتنی یەکگرتووی ببات، وەکو ئەوەی لەنێوان خۆی و عێراقدا هەیە بەهۆی گۆڕانکاری لەبارودۆخی جیۆپۆلەتی ناوچەکە. بەبڕوای ئەو رێالیستە نوێیانە، وابەدەردەکەوێت ئەو لێکنزیکبوونەوە شیعەیەی لەناوچەکە هەیە بەرەو دروستکردنی هاوسەنگی هێز لەگەڵ بەرەی سووننە بچێ[2].

### باسی سێیەم: پەیوەندی ئێران و عێراق

هەرچەندە ئەم دوو وڵاتە جگەلەوەی لەرووی جیۆگرافیەوە سنوورێکی 1,458 کیلۆمەتر[3]ی هاوبەشیان هەیە، لەروووی ئاینی، کۆمەڵایەتی، مێژووی و کولتووریشەوە پەیوەندییەکی دوورودرێژیان هەیە، بەڵام شیعەکانی عێراق و ئێران تائەوکاتە لێکنزیکن کەبەرژەوەندی هاوبەشیان هەیەو دوژمنی هاوبەشیشیان هەیە. لەجەنگی ئێران- عێراق شیعەکان پشتگیری سەدام حوسەینیان کرد لەدژی ئێران[4]، کەچی لەدوای داگیرکاری عێراقەوە بەپێچەوانەی پێشبینیەکانی ئەمریکا، شیعەکان چونە پاڵ سیاسەتی ئێران و بەرگریان لەناسنامە مەزهەبیەکە کرد نەوەکو پاراستنی یەکگرتووی عێراق سەربەخۆی لەسیاسەتی ئێران، بۆیە بەبڕوای رۆبەرت گیتس( Robert Gates)ی وەزیری پێشووی بەرگری ئەمریکا، تەنیا ئێران براوەی جەنگی عێراق بوو.

سێ تویژەری پەیمانگەی واشنتۆن بۆ رۆژهەڵاتی نزیك جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئێران لەرێگەی پارتە شیعیەکان و بەشێك لەپارتەکانی کوردی هەوڵدەدات باڵ بکێشێ بەسەر سیاسەتی عێراق و هەرێمی کوردستان. پارتەکان و بزوتنەوە ئاینیەکانیش بریتین لەئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لەعێراق، پارتی دەعوە، رێکخراوی بەدرو سەدرییەکان[5]، رێکخراوی عەسایب ئەهللحەق، حەشدی شەعبی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و...تاد. هەوڵدەدەین لەدوو ئاست پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دووڵاتە باس بکەین. هەماهەنگی بۆ دژایەتی سوونەکانی عێراق و سووریا کەدەرئەنجامەکەی

---

[1] Ibid.
[2]Ibid, 5.
[3]Venetis, E. (2011). The Rising power of Iran in the Middle East: Forming an axis with Iraq, Syria and Lebanon. Hellenic Foundation for European and Foreign Policy. . Working Paper No. 21.University of Leiden.P. 16.
[4]پیتەرگالبرێت، کۆتایی عێراق: چۆن نەشارەزایی ئەمریکا شەڕیکی بێ کۆتایی لەعێراق هێنایە ئاراوە، بنکەی توێژنەوەی موکریانی، ژ. 51، ل31.
[5]Eisenstadt, M. Knights, M. Ali, A. (2011).Iran’s Influence in Iraq; Countering Tehran’s Whole-of-Government Approach.The Washington Institute for Near East Policy.No. 111.P. ix.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(داعش) لێ لەدایك بوو، هەروەها پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی جەزائیرو بابەتی قەرەبووی جەنگی هەشت ساڵەی نێوانیان.

**یەکەم: دژایەتی کردنی سوونننە**

لەدوای داگیرکاری عێراق لەساڵی 2003ەوە، ئیتر ئێران لەرووی سیاسییەوە باڵی کێشا بەسەر عێراق و هەردوو دەوڵەت کەوتنە دژایەتی مەزهەبی سووننە.

بەهۆی هێرشە کتوپڕەکانی داعش لەحوزەیرانی 2014دا، ئێران رووبەرووی گەورەترین هەرەشە بوەوە. کاتێك داعش تەنها 50 میلی مابوو بگاتە سنورەکانی ئێران. داعش گەیشتە بەردەرگای بەغداو هەولێر، بۆیە ئێران هەرزوو کەوتە خۆ بۆ پارێزگاری کردن لەبەغداو بەتایبەت سامەڕا کە دوو مەزارگای شیعەی گەورەی لێبوو، لەلایەکی تریشەوە، سوپای پاسدارانی ئێران بەهانای پێشمەرگەوە چوون بۆ پارێزگاری لەهەولێر[1]، چونکە بەگەیشتنی داعش بۆ ئەم شارانە ئێران توشی زیانی گەورەتر دەبوو. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەمیدیاکانی ڕاگەیاند کە ئێران یەکەمین دەوڵەت بوو بەهانای کوردەوە هات لەجەنگی بەرەنگاری دژ بەداعش[2].

بەگوێرەی هەندێك ڕاپۆرتە هەواڵی ناوخۆی ئێران، لەهاتنی داعش بۆ عێراقەوە هەتا کۆتایی ساڵی 2014، ئێران بای نزیکەی یەك ملیار دۆلار هاوکاری هێزەکانی عێراقی کردووە بۆ رووبەرووبونەوەی داعش[3].

هەروەکو کۆنستراکتیڤیستەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، دروستکردنی دوژمنی هاوبەش یەکێك لەخاڵەسەرەکییەکانی بەهێزبوونی ناسنامەی شیعەو دەسەڵاتداریەتیەتی لەناوچەکە[4]، هەروەکو بەکارهێنانی ئەم ئامرازە بۆ ئامانجی یەکگرتووی شیعە بەرامبەر بەرەی سوونەکان یان بیری دابەشکاری جیهان لەنێوان جیهانی کوفر یان شەڕ لەگەڵ جیهانی ئاشتی. ئەمانە تەنها بۆ مانەوەی دەسەڵاتداریتی شیعەو فروانبوونی هەژموونەکەیەتی.

**دووەم: ڕێککەوتنی جەزائیرو بڕیاری 598ی ئەنجومەنی ئاسایش**

تائیستەش ڕێککەوتنی جەزائیر[5] لەنێوان هەردوو وڵات بوونی ماوە. لەدوای وەلانانی ئەم ڕێککەوتنەو گۆڕانکاری سیستمی سیاسی ئیران بەهۆی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەساڵی 1979،

---

[1]Katzman, K. (2015: 13).
[2]Ibid, 7.
[3]Ibid, 13.
[4]Ibid, 49.
[5] لەمێژووی سیاسی باشووری کوردستان، ئەم ڕێککەوتنە بەرێککەوتنە شومەکە ناوزەند دەکرێت، چونکە ئێران خراپترین هەڵوێستی بەرامبەر بەباشووری کوردستان نواند لەمێژووی پەیوەندیەکانی نێوانیان. ئێرانلەبەرامبەردەستەبەرکردنیبەرژەوەندییەکانیلەشەتولعەرەببڕیاریداپشتبکاتلەپاڵپشتییەکانیبۆبزوتنەوەیرزگاریخوازیکوردی. لەساڵی 1975، ئێرانسنوورەکانییەدەمچالاکیکوردەکانداخستوئەمەشبووەگەورەترینگورزلەجوڵانەوەیشۆڕشگێڕیکوردیلەمسەدەیە. Ahmad, S. (2012). The Role Played by the Kurdistan Regional Government in Reconstruction of the Iraqi State. PhD Thesis.University of Exeter.Pp.51-52.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەنگی عێراق و ئیران بۆماوەی هەشت ساڵ دەستی پێکرد (1980-1988). بەپێی بڕیاری نێودەوڵەتی ژمارە 598ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە20ی جولای 1987، دەبێ عێراق کەبەرپرسی جەنگەکەیە قەربووی ئێران بکاتەوەو هەردوو وولات ئاگربەست رابگەیەنن و لەهیچ لایەنێکی دەریایی، ووشکانی و ئاسمانی هێرش نەکەنەوە سەر یەکتری[1]. حکومەتی عێراقی نوێ لەساڵی 2005 بەفەرمی داوای لێبووردنی لەئێران کرد بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگەکە لەهەشتانی سەدەی رابردوو[2].

بەرپرسە باڵاکانی ئێران ماوەماوە ئەم پرسە دەوروژێننەوە. عەلی لاریجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران و بەشێك لەئەندامانی پەرلەمان ئەم داواکاریەیان بەرزکردەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی جەنگ پاڵپشت بەماددەی 6ی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش، بەڵام هەمیشە دوو دڵن لەئەنجامی داواکەیان نەك تەنها لەبەر جێبەجێنەبوونی، بەڵکو لەدوای داگیرکاری عێراقەوە دەترسن هەوڵەکانیان بۆ خستنەژێر رکێفی عێراق بۆ ووڵاتەکەیان شکست بێنێ[3].

هەتاوەکو ئیستە ئەم گفتگۆیە کۆتایی نەهاتووە. ئێران رازییە بەرامبەر بەوەی عێراق رێککەوتنی جەزائیر بەگەربخاتەوە، لەبەرامبەردا ئەویش دەستبەرداری قەرەبووەکەی بێت.

## بەشی دووەم: پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی 2003

### باسی یەکەم: پەیوەندییە نافەرمییەکان

ئێران جگەلەوەی پەیوەندی نافەرمی هەیە لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کورستان لەلایەك و هەندێك هۆزو عەشیرەتی گەورەی کوردی لەبەر هاوسنووری لەلایەکی ترەوە، لەهەمان کاتدا بازرگانییەکی نافەرمی لەنێوان هەردوولادا هەیە. زۆرجار لەرێگەی ئەم کۆڵبەرە قاچاغانەوە پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان جوڵە دەکەن لەباشوورەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان یان بەپێچەوانەوە[4]. بەکورتی ئاماژە دەکەین بەدوو پەیوەندییە نافەرمییەکەی تر.

#### یەکەم: پەیوەندی ئیران لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان

بەگوێرەی یاسای هەرێمی کوردستان پەیوەندی نێوان پارتی سیاسی رێگەی پێنادرێت لەگەڵ هیچ دەوڵەتێك. ئێران بەپێچەوانەی یاساو رێساکان پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی پارتەکانی سیاسی باشووری کوردستان دروست کردووەو بەشداری کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیان دەکات یان بەبێ مۆڵەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەچێتە دامەزراوە فەرمییەکان. وەکو بەشداری کونسڵی ئێران لەدانیشتنی پەرلەمانی 23ی حوزەیرانی 2015 کە هەرچەندە لەسەرداوای سەرۆکی پەرلەمان بوو، بەڵام بەبێ رەزامەندی سەرۆکایەتی هەرێم و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوو. بۆ سنووردانانی ئەم بێسەروبەرییە دیپلۆماسییەی لەهەرێمی کوردستان هەیە،

---

[1]"Iraq-Islamic Republic of Iran".Security Council Resolutions.Resolution 598. 20th July 1986. P.5.
[2]"Iran–Iraq War". At: http://www.saylor.org/site/wp-content/uploads/2011/08/HIST351-11.1.4-Iran-Iraq-War.pdf. P. 27.
[3] Venetis, E. (2011: 17).
[4]" Iranian Kurds". Danish Immigration Service Report. Copenhagen. September 2013. P. 62.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە25ی تەموزی 2016 بریارێکی سەرۆکایەتی دەرکرد کە هەموو دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی هەرێمی کوردستان و هەر 32و کونسلیەتەکەی هەولێر کاتێك بیانەوێت سەردانی یەکتر بکەن و بەشداری کۆڕوکۆبوونەوەکانی یەکتر بکەن، دەبێ پابەندی عورفی نێودەوڵەتی و یاساو ڕێساکانی دیپلۆماسی بن و لەرێگەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێکی کوردستان مۆڵەت وەرگرن[1].

ئێران جگە لەپارتە کوردیەکانی باشوور، لەناوسنووری باشووری کوردستان و سەرسنووری هەرێمی کوردستان- ئیران- تورکیا، پەیوەندی بەپارتە کوردییەکانی باکوورو رۆژئاوای کوردستان هەیە وەکو (پارتی کرێکارانی کوردستان[2] PKK و پارتی یەکێتی دیمۆکرات PYD).

## دووەم: پەیوەندی ئیران و عەشیرەتەکانی هەرێمی کوردستان

هەر لەکۆنەوە هەمیشە هۆزو عەشیرەتەکان کاریگەری زۆریان لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری لەناوچەکەدا هەبووە بەتایبەت ئەو عەشیرەتە یەکگرتووانەی کەوتوونەتە سەر سنووری دراوسێکانی هەرێمی کوردستان. هۆزی برادۆست یەکێك لەو هۆزەبەهێزو یەکگرتووانەیە کەکەوتۆتە سێگۆشەی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان، ئێران و تورکیا. ئەم هۆزە بەهۆی رێکخستنی بەهێزی کۆمەڵایەتی، پێگەی ئابووری و یەك سەرکردایەتیەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ دامەزراوەکانی سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ ئێران و تورکیادا هەیە. ئێرانیش بەهەمانشێوە دۆستایەتییەکی باشی ئەم هۆز و عەشیرەتانە دەکات. ئەم هۆزە وەفدی عەشایری لەشێوەی وەفدی دیپلۆماسی تایبەتی دەنێرێتە ئێران و تاوتوێی چۆنیەتی بازرگانی، مامەڵەی سەرسنووری هۆزی برادۆستان و هێزە چەکدارەکانی سنووری نێوانیان دەکەن. ئیرانیش وەکو دیفاکتویەك مامەڵەیەکی راستەوخۆیان لەگەڵدا دەکات[3]. زیاتریش لەمە، ئێران ددانیدەنا بەمۆری عەشیرەتەکانی سەرسنوور وەکو ڤیزای دەوڵەت. بۆنموونە مارف مەحمود رەوشەن، سەرۆکی عەشیرەتی شێخ مەموندیان، بەمۆری تایبەتی خۆی هاولاتیانی هەرێمی کوردستانی دەنارده سنووری ئێران و لەلایەن ئێرانەوە پەسند دەکرا. ئەم مۆرانە بەزمانی فارسی نەخشێنرابوون و لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە درابووە هەندێك عەشیرەتی هەرێمی کوردستان[4]. ئەم پەیوەندییانە لەسەردەمی دەسەڵاتی شای ئیران زۆر بەهێز بوون، بەڵام لەئێستەدا ئەم پەیوەندییە نافەرمیانە لاواز بوون و تەنها چەند هۆزێکی گەورە لەپەیوەندیدا ماونەتەوە.

## باسی دووەم: پەیوەندییە فەرمییەکان

### یەکەم: کونسلی ئێران لەهەرێمی کوردستان

ئێران یەکەمین دەوڵەت بوو کونسلی خۆی لەهەرێمی کوردستان کردەوەو یەکەمین دەوڵەتیش بوو رێگەیدا بەفەرمی نوسینگەی دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان لەوولاتەکەی بکرێتەوە. ئێران دوو

---

[1]شوان بەرزنجی، بارزانی فەرمانێک بۆ دام ودەزگاکانی حکومەت دەردەکا، باس نیوز، رۆژی 24ی ئایاری 2016.
http://www.basnews.com/index.php/so/news/kurdistan/277624 (رۆژی وەرگرتن 26ی ئایاری 2016).
[2] Venetis, E. (2011: 17).
[3]چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی فەخری کەریم خان، میری برادۆست. رۆژی 28ی نیسانی 2016. هەولێر. کاتژمێر 1:30ی دوای نیوەڕۆ.
[4]چاوپێکەوتن لەگەڵ اسعد ئاغا لەعەشیرەتی شێخ مەموندی. رۆژی 15ی نیسانی 2016. هەولێر.کاتژمێر 2:30ی دوای نیوەڕۆ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کونسـڵیەتی لەهەرێمی کوردســتان هەیە. یەکیان لەســلێمانی و ئەوەیتر لەهەولێری پایتەخت. لێرەدا پرســیار دروسـت دەبێت، بۆچی ئێران لەهەرێمێکی بچووك یان دووشــار کەتەنها دوو کاتژمێریان نێوانە دوو کونسڵخانە دەکاتەوە[1]؟ لەرێگەی ئەم دوو کۆنسلیەتەوە ڕۆژانە خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ چونە ئێران سەردانی دەکەن و ڤیزا وەردەگرن. بەهۆی پێشکەوتنی هەرێمی کوردسـتان لەرووی سیاسی و ئابووری، ئەم هەرێمە زۆربەخێرایی ڕووی لەئاوەدانکردنەوەی ئەو کاولکاری چەندین ساڵە کردووە و بۆ ئەم مەبەســتەش بەســەدان کۆمپانیاو کارگەی تورکی و ئەورووپی ڕووی تێکردووە و کونســلیەتیان تێدا کردۆتەوە. بۆ ئەوەی ئێرانیش بێ بەش نەبێت لەم بەرژەوەندییە ئابوورییانە، لەرێگەی کونسلیەتی ئێران لەسلێمانی و هەولێر ساڵانە پێشەنگای بازرگانی و ئابووری دەکاتەوە و ئاسانکاری بۆ پەیوەستبوونی ئابووری هەردوولا دەکات[2].

## دووەم: نوسینگەی هەرێمی کوردستان لەئێران

ئەم نوســینگەیە وەکو باڵوێزخانەی هەرێمی کوردســتانە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردســـتان لەووڵاتی ئێران و دروســتکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان ئێران و هەرێمی کوردستان لەبواری سیاسی، ئابووری و رۆشنبیری.

لەدوای نەمانی رژێمی بەعس لەعێراق، چالاکیەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئێران زیاتر بوو. سەرەتا لە بەر پێداویستی هەرێمی کوردستان بە کارەبا و سووتەمەنی و چالاکی بازرگانی مەرزەکان، نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ بەدواداچوون و جێ بە جێ کردنی ئەو داخوازیانە دیاری کرا لەتاران. هەرچەندە لە رۆژی 12 فێبریوەری2007, بەفەرمی بڕیادرا نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێران بکرێتەوە, بەڵام لە 21ی مەی 2010 نووسینگەی تایبەت بە نوێنەرایەتی کرایەوە و لەوکاتەوە تاکو ئێستا بە ژمارەیەک کارمەندەوە بۆ سەرپەرشتی کاروبارەکان لە رووی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و تەندروستی و کاروباری ئاوارەکانی هەرێم لە ئێران و بەدواداچوونی کێشە و پرۆســەی خوێندنی ئەو خوێندکارانەی کە بۆ خوێندن دەچنە ئێران، هەروەها چالاکی راگەیاندن و پەیوەندی لەگەڵ باڵیۆزخانەو دەستگا دەوڵەتیەکان، جگە لەهەماهەنگی کردن بۆ سەردانی شاندەکانی تایبەت و پەیوەندیدار بۆ هاوکاری ئابووری و بازرگانی و کاروباری خاڵە ســنووریەکان کاردەکات.نوێنەراتیەکە پێکهاتووە لە نوێنەری پارتە سیاسیەکانی کوردستانی وەکو (پارتی, یەکێتی, یەکگرتوو, کۆمەڵی ئیسلامی, سۆسیالیست و بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان)[3].

## بەشی سێیەم: ستراتیژی ئێران بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان

### باسی یەکەم: دژایەتی دابەشبوونی عێراق و دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی

لەگەڵ ئەوەی ئێران یەکەمین دەوڵەت بوو یارمەتی باشووری کوردســتانیدا لەســەردەمی هێرشــی داعش بۆ هەولێر، بەڵام بەبڕوای د. میشــێل تانجوم (Micha’el Tanchum) لەزانکۆی هێبرۆ

---

[1] چاوپێکەوتنلەگەڵپ.ی. د. سالحمەلاعمرعیسا، سەرچاوەی پێشوو.
[2] Mustafa, M. (2016).Iran’s Role in the Kurdistan Region.Al Jazeera Centre for Studies.P. 11.
[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ نوسینگەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەتاران. رۆژی 3ی حوزەیرانی 2016 لەرێگەی ئیمەیڵەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق

بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەتەلئەبیب، ئەم هاوکارییەی ئێران بۆ هەولێر سێ ئامانجی سەرەکی ئێرانی لەپشت بوو. یەکەم بۆ دوورخستنەوەی بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕۆژئاوا لەنزیك سنوورەکانی ئێران. دووەم، ڕێگری لەبەشداری پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات. سێیەم، بەربەست لەبەردەم سەرپەرشتی چالاکی چەکداری پارتی دیموکراتی کوردستان لەسنووری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان[1].

لەگەڵ ئەو سیاسەتە هاوبەشە بۆ دژایەتی داعش، بەڵام تاران لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی باشووری کوردستان نیە لەبەر چەند هۆکارێك. یەکەم، ئەم دەوڵەتە نوێیە بەمەترسی دەزانێ لەسەر کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەگەری داواکاری جیابوونەوە[2]. دووەم، دەبێتە بەربەست لەبەردەم هاوبەندی ئێران لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە عێراق، سووریاو لوبنان. سێیەم، بەناوەندێکی وێنا دەکات بۆ بنکەی نەیارەکانی ئێران، وەکو عەلی ئەکبەر ویلایەتی ڕاوێژکاری کاروباری نێودەوڵەتی عەلی خامەنائی (ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران)دەڵێ "ئەمە نیازی ئیسرائیلە بۆ گەیشتنە نێوان تورکیاو ئێران، هەروەها دابەشکردنی وولاتانی موسڵمان، بۆیە هەرگیز ناهێڵین ئەم پڕۆژەیە سەربگرێت و دژی دەوڵەتی کوردستانین"[3]. هەروەها ئەحمەد خاتەمی، ئەندامی ئەنجومەنی شارەزایان و مەرزی ئەفخامی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە، سەربەخۆی باشووری کوردستان بەپیلانگێڕی ئیسرائیلی وێنادەکەن[4].

سووربوونی ئێران لەسەر یەکگرتووی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ وەستانەوە دژی ئەو گفتوگۆیەی ڕۆژئاوا بۆ دابەشبوونی عێراق بۆ سێ دەوڵەتی سەربەخۆ. سوونەستان، شیعەستان، کوردستان. لەروانگەی تارانەوە، ئەم دابەشبوونە گورزێکە لەبەرژەوەندی شیعە لەناوچەکەو دروستبوونی ناسەقامگیریە[5]. جگە لەمەش، بەلای ئێرانەوە دروستبوونی دەوڵەت کوردی کاریگەری هەیە لەسەر کوردی ئێران هەروەها لەم دابەشبوونە سوونەکان دەچنە پاڵ سعودیە[6].

صادق ملکی یەکێك لەبیرمەندە دیارەکانی بواری دیپلۆماسی ئێرانیە کەکاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەیە، ئێران ئاگادار دەکاتەوە لەئامادەبوونی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەباشووری کوردستان و ئەمە بەتێکچوونی هاوسەنگی هێز بەزیانی ئێران دادەنێت. دەیبەستێتەوە بەلاوازی بەغدا کەدەرفەتیداوە بەدروستبوونی دەوڵەتی کوردی. بەبڕوای ملکی پێشتر ڕۆژئاوا لەبەر تورکیا پشتگیری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی نەدەکرد، بەڵام ئیستە تورکیا ئەم دەوڵەتە کوردییەی پەسند کردووەو ڕۆژئاواش پشتگیری دەکات. وای دەخوێنێتەوە ئەو یارییە بردنەوە - بردنەوە(Win – Win Game)ی تورکیا دەیکات لەگەڵ هەرێم دواجار بەدۆڕانی تورکیاو ئێران کۆتایی دێت، لەبەر ئەوەی هەردوو وولات کێشەیان بۆدروست دەبێت لەناوخۆیان. گۆڕانی سیاسەتی سوونەتی تورکیا بەهۆی ئەو بەرژەوەندییە ئابووری، سیاسی و ئاسایشییە کەتورکیا هەیەتی لەهەرێمی کوردستان، بۆیە داوا دەکات ئێرانیش گۆڕانکاری لەسیاسەتی سوونەتی خۆی بکات و ئەم

[1]Tanchum, M. (2014). Between Ankara and Tehran: How the Scramble for Kurdistan Can Reshape Regional Relations. Strategic assessment.Vol. 17.No. 3.P. 72.

[2] Phillips, D. (2015). State-Building in Iraqi Kurdistan. Institute for the Study of Human Rights. Columbia University.P. 27.

[3] " ئیران دژی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە"، رووداو تیڤی، شەوی 17ی کانونی دووەمی 2016، کاتژمێر 8:15.

[4]Namazi, M. "Why Iran Fears Iraq's Kurds". The Daily Beast, 8th December 2014. At: http://www.thedailybeast.com/articles/2014/08/12/why-iran-fears-iraq-s-kurds.html (accessed, 29th May 2016).

[5] Katzman, K. (2015: 7).

[6]Ibid.

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بارودۆخە نوێیە پەسەند بکات. لەلایەکی ترەوە، ملکی ئارگیومێنتێکی تر دەخاتەڕوو بۆ دەرفەت دان بەدەوڵەتی کوردی، ئەویش دروستبونی داعشە، کە ئەو بەپیلانی ڕیازو ئەنکەرەو سەرپەرشتی ئەمریکای دادەنێت بۆ لێدان لەهێڵی شیعە لەناوچەکە[1]. سەرەڕای ئەمانەش، ئیران ناتوانێ لەکاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هێرشی سەربازی بکاتە سەر هەرێم لەبەر بوونی هێزی ڕۆژئاوایی زۆر و ئەوپشتگیرییە نێودەوڵەتیەی لەهەرێم دەکرێت، هەروەها ناکرێت کارێك بکات لەڕووی ئابوورییەوە بەرژەوەندی چەندین ملیار دۆلاری لەدەست بدات و ئەنقەرە زیاتر لەهەرێم سودمەندبێت بەوهۆیەوە، بەڵام دەستەوەستانیش نابێت و هاوکاری دواخستنی ئەم دەوڵەتە نوێیە دەبێت لەرێگەی هاندانی پەکەکەو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەلایەك و دابەشکردن و بەگژیەکداکردنی پارتە سیاسییە کوردەکان لەلایەك ترەوە[2]. بەهەمان شێوە، ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند ئامادەکاری بکرێت بۆ ریفراندۆم، حوسێن ئەمیر عەبدولئیلاهیانی جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقا ئەمەی بەبڕیارێکی لاواز ناوبرد و گوتی هەموو سەرکردە کوردییەکان ئەم بڕوایەیان نیە[3].

## باسی دووەم: هاوسەنگی لەگەڵ بەرەی سووننە

ئێران دەیەوێت لەرێگەی هەرێمی کوردستانەوە ئاسایشی وولاتەکەی بپارێزێت. جگە لەمە، ئاسایشی عێراق و سووریاش لەبازنەی ئاسایشی وولاتەکەی دادەنێت و هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە گرنگە.تائەو رادەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستانە کەبەرژەوەندییەکانی ئێران بپارێزێت.

ئێران کێشەی لەگەڵ وولاتانی کەنداو(بەحرێن، قەتەر، کوێت، ئیمارات، عومان و سعودیە) هەیە. لەدوای شۆڕشی ئیسلامی لە 1979، ئێران ئەم وولاتانە بەپاشکۆی رۆژئاواو بەتایبەت ئەمریکا دەزانێت[4]. لەچەندین روەوە ئەم وولاتانە کێشەیان هەیە لەگەڵ ئێران وەکو، ململانێی مەزهەبی شیعەو سوونە، مەترسی بەخاوەن بوونی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانەوە، نزیکی وولاتانی کەنداو لەدوژمنەکانی ئێران، کێشەی سنووری ئاوی، هەردوولا یەکتر تۆمەتبار دەکەن بەکاریگەریان لەسەر سیاسەتی ناوخۆی یەکتری[5]، کێشەی یەمەن، کێشەی سووریا، کێشەی عێراق، نرخی نەوت و...تاد. ئێران چەندین کێشەی تری هەرێمی هەیە لەگەڵ وولاتانی عەرەبی. بۆیە دەیەوێت پشتێنی شیعی خۆی بەهێز بکات و بەربەستی نێوان خۆی لەگەڵ یەمەن، عێراق، سووریاو لوبنان نەهێڵێ تاوەکو بتوانێ هاوسەنگی دروست بکات لەگەڵ بەرەی سووننە لەناوچەکە، هەرلەبەرئەوەشە لەرووی جیۆپۆلەتیکیەوە بەگرنگیەوە دەڕوانێتە پێگەی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لەدوای شۆرشی سووریا، جەنگی یەمەن، دروستبوونی بەرەیەکی 34 دەوڵەتی سووننی دژ بەهەژموونی شیعە لەکۆتایی ساڵی2015.

---

[1] صادق ملکی، ظهور دولت کردی: احتمالي که اتفاق منی افتد, سایتی ایران دبلۆماسی، رۆژی 12ی کانونی دووەمی 2016.
www.irdiplomacy.ir/fa/page/1955521/ظهور+دولت+کردی؛+احتمالی+که+اتفاق+میافتد.html
(رۆژی وەرگرتن 12ی کانونی دووەمی 2016).

[2] Tanchum, M. (2014: 73).

[3] Mustafa, M. (2016: 4).

[4] Salehzadeh, A. (2013: 24).

[5] Ibid.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## باسی سێیەم: دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆیی ئێران

ئێران ســـەرکەوتوو بووە لەبەکارهێنانی هەرێمی کوردســـتان بۆ کپکردنی دەنگی ناڕەزایی پارتەکانی ســیاســی ئۆپۆزســیونی ئێران لەهەرێمی کوردســتان. باشــترین بەڵگەش بۆ ئەمە دواین ڕووبەڕووبوونەوەی پارتەکانی کوردی بەرامبەر پارتە شۆڕگێرییەکانی رۆژهەڵات بوو کە لەساڵی 2015دا کوژرانی سێ پێشمەگەی بەدوا داهات و لەسنووری ئێران دوورخرانەوە. لەلایەکی ترەوە، ئێران دوور لەیاساکانی نێودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دەستوەرنەدانی هیچ وولاتێك لەکاروباری وولاتانی تر، هەڵیکوتایەسەر کەمپی ئاوارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەشاری کۆیەی سەر بەشاری هەولێرو چەندین کەسی دەستگیرکرد. ئەمە جگە لەوەی ئێران بەوە تاوانبارکرا کە دەستی هەبووبێ لەتەقینەوەکەی رۆژی 20ی کانونی یەکەمی 2016لەقەزای کۆیە لەدژی پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵات کەچەندین کەس بوونە قوربانی.

ئیران لەدوو روەوە کێشــەی لەگەڵ رۆژهەڵاتی کوردســـتانی ژێردەســـتی هەیە. لەرووی ئاینیەوە، نزیکەی 75%ی دانشتوانی کورد سوونین، ئەمەش بەمەترسی لەسەر ناسنامەی شیعە دەزانێ. دووەم، کێشــەی نەتەوایەتی بەهەڕەشــەیەکی گەورە دەزانێ لەســەر ئاســایشــی ناوخۆی ئێران[1]. ســەرکردە ئێرانییەکان هەمیشە بۆ ئەم مەبەستە پەنایان بردۆتەبەر گوتاری ئیسلامی بوون، واتە دوورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی ئێرانی بوون یان شیعەبوون، وەکو ئایەتوڵڵا خومەینی لەوتارێکی لەساڵی 1979دا دەڵێ " هەندێ کات ئێمە کەمینە کاردێنین بۆ کوردەکان، لوڕەکان، تورکمانەکان، بەلوجەکان و...تاد، بەڵام ئەمە هەڵەیە، چونکە لەئیســلام نابێ جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەو برایانەی کە بەزمانی جیاواز گفتوگۆدەکەن...ئەمانە لەلایەن کەسانێکەوە بەکاردێن کە نایانەوێ وولاتانی ئیسلامی یەکگرتووبن و دەیانەوێ کێشــەی ناســیونالیســتی دروســت بکەن بۆ رووخانی ئیســلام و فەلســەفەی ئیســلامی"[2]. سەکردەکانی ئێران بۆ بونیادنانی وولاتێك کە شیعەو نەتەوەی فارسی لەسەرووی هەرەمی دەسەڵاتەوە بن، هەمیشە ئەم گوتارانە دەکەنە قەڵغان.

بەگوێرەی راپۆرتێکی ئەمریکا بۆ مافەکانی مرۆڤ لەساڵی 2014، بەهۆی ئەو یاسا دیسپلینکراوانەی بۆ بواری ئاسـایش و میدیا دانراوان، ناوچە کوردییەکان بۆتە زیندان و بەربەسـتێکی گەورە لەبەردەم مافەکانی مرۆڤ، کاری رۆژنـامەوانی، ئـازادی رادەربڕین بۆ کوردەکان[3]. جگە لەوەی ئێران کار لەسەر گۆڕینی شوناسی کورد، کاری ئابڕوبەرانەو دەستدرێژییش دەکاتە سەر کوردەکان. لەبەرامبەر دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتێکی کورد لەمەهاباد لەمەی ساڵی 2015، راپەرین و خۆپیشاندانێکی گەورە شارە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوەو ئاگریان لەو هۆتێلە بەردا کەکچە کوردەکە دوای دەستدرێژی خۆی لێی فڕێدایە خوارەو ئامادەنەبوو ئەو کارە پەسند بکات[4].

بابەتێکی تری ئاســایشــی کەجێگەی بایەخی ئێرانە بریتیە لەپارتە ئۆپۆزســیونەکانی رۆژهەڵاتی کوردســتان لەباشــووری کوردســتان. یەکیان پارتی دیموکراتی کوردســتانی ئێران(PDKI)ە[5]، کە جگەلەوەی رێکخســتنێکی ســیاســی بەهێزی هەیە لەناوکەمپەکانی پەناهەندەکانی ئێران، باڵێکی

---

[1]Hicks, N. (2000).The Human Rights of Kurds in the Islamic Republic of Iran.Middle East and North Africa of the Lawyers.Committee for Human Rights.P. 2.

[2]Ibid, 3.

[3] Phillips, D. (2015: 27).

[4]Ibid, 28.

[5]"Iranian Kurdish Refugees in the Kurdistan Region of Iraq (KRI)".Report from Danish Immigration Service's fact-finding mission to Erbil, Suleimaniyah and Dohuk, KRI. 2011. P. 6.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەکداریشی هەیە کەلەسەدان پێشمەرگە پێك هاتووە[1]. ئێران ئەم پارتانە بەمەترسی دەزانێ لەسەر ئاسایشی ناوخۆی ووڵات، بۆیە هەمیشە چاودێری جموجۆڵەکانیان دەکات لەباشووری کوردستان.

ئێران زۆر بەووردی بایەخ دەدات بەئاوارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان یان پەناهەندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەباشووری کوردستان. دوو کەمپی دیاریکراوی ئەم پەناهەندانە هەن، یەکیان بەناوی کەمپی باریکە لەسلێمانی و ئەوەیتریان کەمپی کاوەیە لەشارۆچکەی کۆیە. ئەم پەناهەندانە لەهەشتاکانی سەدەی رابردوو لەماوەی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق – ئێران روویان کردە باشووری کوردستان[2].ئەمانە خاوەنی ئازادی سیاسی سنووردارن. بۆنموونە بۆ یادی دامەزراندی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەن ئاسایش رێگەیان پێنەدراوە، بەوپێیەی ئەمە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان[3]. بەگوێرەی راپۆرتێکی (UNHCR)سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، کونسڵگەری ئێران لەباشووری کوردستان بۆتە ناوەندێك بۆ چالاکیە نهێنییەکانی پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران. بەگوێرەی ئەم راپۆرتە، حکومەتی هرێمی کوردستان تواناى راگرتنی چالاکییەکانی ئەم رێکخراوەی نیە[4].

## باسی چوارەم: بەرژەوەندی ئابووری ئێران لەهەرێمی کوردستان

زیادبوونی ئاڵوگۆرییە ئابوورییەکانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی بەرزبوونەوەی سزاکانی سەر عێراق لەلایەن ووڵاتانی رۆژئاواوە لەدوای جەنگی دووەمی کەنداو. دواتر بەهەمان شێوەی عێراق، ئێرانیش سزاکانی سەری توندکراو ناچار بایەخیدا بەووڵاتانی نزیکی بۆ ئاڵوگۆری بازرگانی. ئێران لەلایەك کەلوپەلەکانی دەنارده هەرێمی کوردستان و بەشێکیشی دناردە ناوعێراق، لەلایەکەی تر، کەلوپەلی لەکارکەوتووی ئاسنینی هاوردەی ئێران دەکرد، ئەمە جگە لەوەرگرتنی نەوتی رەش بەتانکەر لەهەرێمەوە. لەدوای پرۆسەی داگیرکاری عێراقەوە ئەم بازرگانیانە بەفەرمی ئەنجامدەدرێن[5].

ئێران پێشتر بەرێژەی 70%ی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابووری خۆی لەگەڵ عێراق لەرێگەی هەرێمی کوردستانەوە بوو، تەنها 30%ی لەگەڵ ناوچە شیعیەکان بوو، بەڵام ئیستە هەرچەند دەروازەی تری لەگەڵ هەرێم کردۆتەوە، ئێران هەوڵیداوە هاوسەنگی لەنێوان هەرێمی کوردستان و ناوچە شیعیەکان رابگرێت و هەناردەو هاوردەی خۆی لەرێگەی هەرێمەوە کەمکردۆتەوە بۆ رێژەی 56% لەساڵی 2015و رێژەی بازرگانی لەگەڵ ناوچە شیعیەکان گەیاندۆتە رێژەی 43%[6].

ئیستە هەرێمی کوردستان رۆژانە تەنها لەرێگەی تەنکەرەوە 50000هەزار بەرمیل نەوت دەنێرێتە ئێران لەشاری سلێمانیەوە[7]و حکومەت بڕیاریداوە دوو بۆڕی نەوتی رابکێشێ بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت لەئێرانەوە.

---

[1]Ibid, 10.
[2]Ibid, 6.
[3] Ibid.
[4]Ibid, 18.
[5]Mustafa, M. (2016: 4).
[6]چاوپێکەوتنلەگەڵپ.ی. د. سالحمەلاعمرعیسا، سەرچاوەی پێشوو.
[7] Phillips, D. (2015: 28).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئێران چەند دەروازەیەکی بازرگانی و گەشتیاری گەورەی کردۆتەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەکو حاجی ئۆمەران Haji Omeran ، پێنجوێن Penjwen ، باشماغ Bashmakh ، گەرمیان Garmiyan و ڕاپەڕین Raperin ، ئەمانەش هاوکارییەکی باشی ئابووری ئێران دەبن لەبەر توندکردنی سزاکانی سەر ئیران. لەرێگەی ئەم بازرگانیەوە، ئێران هەم کەرەستەی بەرهەمهێنراوی خۆی دەفرۆشێ و هەمیش دەتوانێت کەرەستەی پێویستی هەرێم بۆ ئێران بگوازێتەوە[1]. لەساڵی 2010دا ئێران سەنتەری بازرگانی کردەوە لەشاری سلێمانی و لەدوای سەردانی جێگری بازرگانی ئێران بۆ سلێمانی 12 سەنتەری تریش کرایەوە[2].

## دەرهاوێشتەکانی توێژینەوەکە

سەروەربوونی ناسنامەیی یەکێك لەسەرەکیترین گۆڕاوەکانی سیستمی هەرێمییە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئیران تەنها کێشەی ناسنامەی نەتەوەیی نیە لەگەڵ باشووری کوردستان، بەڵکو ئەولەویەتی ناسنامەی مەزهەبی شیعی لەدۆکترینی سیاسەتی دەرەوەی خاڵێکی تری ناکۆکی قوڵە لەنێوان هەردوو وولات. بۆ کپکردنی پێکدادانی ناسنامەی نەتەوەیی لەناوخۆی ئێران، هەرێمی کوردستان بەکاردێنێت. بەوهۆیەوە توانیویەتی ڕێگری بکات لەهەر پاڵپشتیەکی ناسیونالیستی و هەر جوڵانەوەیەکی تری بزووتنەوە رزگارخوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر سنوورو لەناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان.

ئێران سیاسەتێکی دووفاقی بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان پەیرەو دەکات. لەلایەك سەقامگیری سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان بەبەشێك لەئاسایشی وولاتەکەی دەزانێ و ئامادەنیە دەستبەرداری بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی بێ لەهەرێمەکە بەتایبەت لەدوای زیاتر سەربەخۆبوونی لەرووی سیاسی و دۆزینەوەو ناردنە دەرەوەی ووزەیەکی زۆری ئابووری، بەڵام لەهەمان کاتدا بەهێزبوونی هەرێم و تێکەڵاوی لەگەڵ بەرەی سوونە، تورکیاو رۆژئاوا یان راگەیاندنی دەوڵەتی باشووری کوردستان بەپچڕانی پشتێنی شیعی لەناوچەکەو هەڕەشەیەکی جددی سەر ناوچە کوردییەکانی ژێر دەستی و ئاسایشی ناوخۆی ئێران دەزانێ.

ستراتیژی درێژکردنەوەو بەهێزکردنی پشتێنی شیعی بۆ ئامانجی درێژبوونەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئێرانە، بەتایبەت لەکەنداوی عەرەبی دەوڵەمەند بەووزە و گەیشتن بەسنوورەکانی دەریای سپی ناوەڕاست لەسووریاو لوبنان. بۆ ئەم مەبەستەش هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگی تەواوکاری ئەم ستراتیژیەیە، بەڵام بەهۆی جیاوازی ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبی لەلایەك و کارتێکردنی هەژموونی رۆژئاواو بەرەی سوننی لەناوچەکە لەلایەکی ترەوە، ئێران بەئاسانی ناتوانێت ئەم ئامانجەی بپێکێ. لەگەڵ ئەمەشدا ئێران لەسوچێکەوە دانیشێت بەدیاری یاریکردنی تورکیا، وولاتانی رۆژئاواو وولاتە سوننیەکان لەم هەرێمە دەوڵەمەندە، هەرێمیش لەم نیگەرانیەی ئێران تێگەیشتووەو هەوڵدەدات ئاڵوگۆڕەکانی ئابووری بەتایبەت لەکەرتی ووزە لەگەڵ ئێران پەرەپێبدات.

ترسی ئێران لەناساندنی ئەم دابەشبوونەی عێراق وەکو سێ دەوڵەتی سەربەخۆ تادێت زیاتر دەبێت، چونکە ئێران وایدەبینێ کە ئەم دەوڵەتە دەبێتە دەستپێکی دروستکردنی کێشە بۆ رۆژهەڵاتی

---

[1] Ibid.
[2] Kane, S. (2011) "The Coming Turkish-Iranian Competition in Iraq". United States Institute of Peace.Special Report.No. 276. P.6.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق

بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردستانی ژێردەستی ئێران لەلایەك و بەهێزبوونی سوونە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکبوونەوەی زیاتریان بە بەسنوورەکانی ئێران، بۆیە هەوڵی لاوازکردنی ئەم ئامانجە دەدات لەڕێگەی دۆستەکانی لەباشوور، باکوورو رۆژئاوای کوردستان، بەڵام ئەگەر ئێمە بەشێوەیەکی ریالیستیانە سەیری هەردوو وڵات بکەین دەبینین، لەماوەی 25ساڵی رابردوو هەرێمی کوردستان نە بۆتە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئێران، وە نە لەداهاتوش دەتوانێت ئەو مەترسیە بێت هەروەك ئازەربایجان نەبۆتە هەڕەشە لەسەر ئێران بۆ سەربەخۆیی ئازەرییەکانی ئێران. لەلایەکی ترەوە، ئاراستەی جیاواز هەن لەناوخۆی ئێران سەبارەت بەستراتیژی دەرەوەی ئەم وواڵتە. بەشێکیان دەیانەوێت ئێران خۆی لەبازنەی سیاسەتی سوونەتی رزگار بکات و هەوڵبدات خۆی لەگەڵ واقیعی نوێی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بگونجێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش هەرێمی کوردستان وەکو کیانێکی دەوڵەتی سەربەخۆ جێگەی بایەخێکی زۆری سیاسەتمەدارانی ئیستەی ئێرانە. ئەم وواڵتە تێگەیشتووە لەوەی کەئەو دەوڵەتە دیفاکتۆیەی هاتۆتەکایەوە پێویست بەوەدەکات کەمامەڵەیەکی واقیعیانەی لەگەڵدا بکرێت، هەرچەند کاریگەری لەسەر هاوسەنگی هێزی شیعەو سوونە دەکات لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لەکۆتاییدا، گۆڕانکاری زۆر لەسیاسەتی دەرەوەی ئێران دەبینرێت بەتایبەت لەدوای هیلاکبوونی ئەم وواڵتە بەهۆی سزا نێودەوڵەتیەکان و هەنگاونان بەرەو رێککەوتن لەگەڵ وواڵتانی 5+1. بۆیە چاوەڕێ دەکرێت ئێران لەسیاسەتی دەرەوەی خۆیدا دەستبەرداری بەشێك لەبنەما سوننەتیەکان بێت و لەسەر بنەمای گریمانەکانی تیوری لیبراڵی کەئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان دەکاتە بناغەی لێکنزیکبوونەوەی پەیوەندی سیاسی تەندروست کاربکات تاوەکو لەگۆشەگیری ئایدیۆلۆژی و جیۆسیاسی رزگاری بێت. لە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆدا، هەرێمی کوردستان سوودمەندێکی گەورە دەبێت هەم لەرووی هەڵنانی هەنگاوەکانی سەربەخۆی یەکجاری، هەم لەرووی پێشکەوتنی زیاتری هەرێمی کوردستان لەرووی ئابووری، لەپێچەوانەی ئەمەشدا، هەردوو وواڵت توشی ناسەقامگیری زۆری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبن.

**سەرچاوەی کوردی:**


1- پەرویز رەحیم، سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، خانەی موکریانی، هەولێر، 2014، ل48.
2- پەرویز رحیم و کامەران محمد، ناسنامە: سیاسەت و ئاسایشی نەتەوەیی: کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا وەك نموونە، سیمیناری سەنتەری توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی( CPSS ) ، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، رۆژی 21ی کانونی یەکەمی 2015.
3- پیتەر گالبرێت، کۆتایی عێراق: چۆن نەشارەزایی ئەمریکا شەڕێکی بێ کۆتایی لەعێراق هێنایە ئاراوە، بنکەی توێژنەوەی موکریانی، ژ. 51.
4- "ئێران دژی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە"، رووداو تیڤی، شەوی 17ی کانونی دووەمی 2016، کاتژمێر 8:15.
5- شوان بەرزنجی، بارزانی فەرمانێک بۆ دامودەزگاکانی حکومەت دەردەکا، باس نیوز، رۆژی 24ی ئایاری 2016. http://www.basnews.com/index.php/so/news/kurdistan/277624 (رۆژی وەرگرتن 26ی ئایاری 2016).

**چاوپێکەوتنەکان:**
6- چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی فەخری کەریم خان، میری برادۆست. ڕۆژی 28ی نیسانی 2016. هەولێر. کاتژمێر 1:30ی دوای نیوەڕۆ.
7- چاوپێکەوتن لەگەڵ اسعدئاغا لەعەشیرەتی شێخ مەموندی. ڕۆژی 15ی نیسانی 2016. هەولێر. کاتژمێر 2:30ی دوای نیوەڕۆ.
8- چاوپێکەوتن لەگەڵ پ.ی. د. سالح مەلا عمر عیسا، مامۆستا لەبەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین. ڕۆژی 2ی نیسانی 2016. هەولێر. کاتژمێر 3:00ی دوای نیوەڕۆ.
9- چاوپێکەوتن لەگەڵ نوسینگەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەتاران. ڕۆژی 3ی حوزەیرانی 2016 لەرێگەی ئیمەیڵەوە.

**سەرچاوەی عەرەبی:**
10- د. سعد حقی، تأريخ العلاقات الدولية, جامعة بغداد, 2009.

**سەرچاوەی فارسی:**
**11-** صادق ملکی، ظهور دولت کردی: احتمالي که اتفاق منی افتد, سایتی ایران دبلۆماسی، ڕۆژی 12ی کانونی دووەمی 2016.
www.irdiplomacy.ir/fa/page/1955521.ظهور+دولت+کردی؛+احتمالی+که+اتفاق+می‌افتد/html
(ڕۆژی وەرگرتن 12ی کانونی دووەمی 2016)

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**
12- Ahmad, S. (2012). The Role Played by the Kurdistan Regional Government in Reconstruction of the Iraqi State. PhD Thesis. University of Exeter.
13- Alazzam, A. (2014). US-Iranian Rapprochement; Motives and Implications. 14th International Academic Conference. Al al-Bayt University.
14- Eisenstadt, M. Knights, M. Ali, A. (2011). Iran's Influence in Iraq; Countering Tehran's Whole-of-Government Approach. The Washington Institute for Near East Policy. No. 111.
15- Esfandiary, D. and Tabatabli, A. (2015) "Iran's ISIS policy". Oxford: International Affairs. No. 91.
16- Hicks, N. (2000). The Human Rights of Kurds in the Islamic Republic of Iran. Middle East and North Africa of the Lawyers. Committee for Human Rights.
17- "Iranian Kurdish Refugees in the Kurdistan Region of Iraq (KRI)". Report from Danish Immigration Service's fact-finding mission to Erbil, Suleimaniyah and Dohuk, KRI. 2011.
18- "Iranian Kurds". Danish Immigration Service Report. Copenhagen. September 2013.
19- "Iraq-Islamic Republic of Iran". Security Council Resolutions. Resolution 598. 20th July 1986.
20- "Iran–Iraq War". At: http://www.saylor.org/site/wp-content/uploads/2011/08/ HIST351-11.1.4-Iran-Iraq-War.pdf. P. 27.
21- Isksal, H. (2012). Advance International Relations Theory. Master Lecturers at Girne American University.
22- Nader, A. (2015). Iran's Role in Iraq; Room for U.S.-Iran Cooperation? Washington: Rand Corporation.
23- Kane, S. (2011) "The Coming Turkish-Iranian Competition in Iraq". United States Institute of Peace. Special Report. No. 276.

24- Katzman, K. (2015). Iran’s Foreign Policy. Congressional Research Service.
25- Luomi, M. (2008). Sectarian Identities or Geopolitics? The Regional Shia-Sunni Divide in the Middle East. The Finnish Institute of International Affairs. Working Papers. No. 56.
26- Mustafa, M. (2016). Iran’s Role in the Kurdistan Region. Al Jazeera Centre for Studies.
27- Namazi, M. " Why Iran Fears Iraq's Kurds". The Daily Beast, 8th December2014. At:http://www.thedailybeast.com/articles/2014/08/12/why-iran-fears-iraq-s-kurds.html (accessed, 29th May 2016).
28- Nerguizian, A. (2014). The Struggle for the Levant Geopolitical Battles and the Quest for Stability. Center for Strategic & International Studies.
29- Phillips, D. (2015). State-Building in Iraqi Kurdistan. Institute for the Study of Human Rights. Columbia University.
30- Salehzadeh, A. (2013). Ira n’s Domestic and Foreign Policies. National Defence University, Department of Strategic and Defence Studies. Vol. 4. No. 49.
31- Tanchum, M. (2014). Between Ankara and Tehran: How the Scramble for Kurdistan Can Reshape Regional Relations. Strategic assessment. Vol. 17. No.3.
32- Venetis, E. (2011). The Rising power of Iran in the Middle East: Forming an axis with Iraq, Syria and Lebanon. Hellenic Foundation for European and Foreign Policy. . Working Paper No. 21. University of Leiden.

**الملخص:**

يقع إقليم كوردستان بين ثلاث حضارات كبيرة (فارسية, تركية وعربية). ولعدة قرون، وأصبحت الأرض كوردستان ميدانن للتصادم بين هذه الحضارات. فمنذ العهد الإسلام الاول بدأ الصراع مع بلاد فارس والرومان في العصور الوسطى حتى الآن, حتى احتلت كوردستان والكورد من قبل هذه السلطات في كل فترة تطبق آليات فرق (تسد) لغرض الهيمنة على كوردستان على رغم من التاريخ المشترك والتعايش العرقي، الجغرافي، الديني والتي كانت كوردستان الدأعدم هذه المشتركات.

أما في ايامنا المعاصرة تحاول هذه حضارات في محاولة جديدة لجعل اقليم كوردستان ان يخضع لهيمنتها ولا سيما مع من يتعاون معهم لهذا الغرض ولاسيما بعض الاحزاب الشيعية الموالية لأيران التي تحيط بأقليم كوردستان (الشرق ايران) و الوسط (احزاب شيعية في العراق) والغرب (سوريا العلوية) وتتدخل و تدعم روسيا هذا الهلال الشيعي ينعدم الاتجاه الكوردستاني في كل من تركيا, قطر, المملكة العربية السعودية و معظم الدول السنية التي انضمت الى النظام رأسمالي ليبرالي و اصبحت حاليفه الولايات المتحدة الأمريكية و دول غربية.

تمارس إيران سياسة مزدوجة في الوقف مع إقليم كوردستان. من جهة، ان ايران تحكر الاستقرار السياسي والاقتصادي لأقليم كوردستان التي تسعى حكومة كوردستان الى تعزيزيها و تحقيق الأمن القومية و تعزز الاستقرار الأقتصادي من خلال تصدير النفط للخارج. وتقف ايران بشده ازاء انضمام الكرد السنه في المنطقة بعتبارها تشكل تهديدا على أمن ايران داخلي و الخارجي.

يحاول هذا البحث معرفة موقف السياسة الخارجية الايرانية ازاء إقليم كوردستان. في البداية، تتناولنا شرح الإطار النظري للسياسة إيران الخارجية في المبحث الأول وكذلك معرفة البنيوية السياسة للخارجية ايرانية و نظريات الخاصة بها في ميدان العلاقات الدولية و خصوصا مع اقليم كوردستان. وثم تناولنا تحديد طريقة ايران في تعمل مع اقليم كوردستان وتناولنا البحث طريقة ايران في ادارة الدوله على اساس فقهي فلسفي و (ولاية الفقه) و عقيدة الولاء و البراء في تنفيذ سياستها الخارجيه بطريقة كلاسكية معتمدة على القوة العسكرية (جيش القدس) وهي جزء من باسداران في منطقة الشرق الاوسط نموذجة عراق و سورية, ويمن و لبنان لتقوية دائرة ايران في المنطقة. بالاضافة الي ذلك تناولنا في الفصل الثاني العلاقات بين ايران و العراق على اساس تعاون بينهما ضد جبهة السنية منذ اتفاق الجزائير (1975). مع تفسير و توضيح للعلاقات الرسمية و غير الرسمية بين البلدين (ايران و اقليم كوردستان). تناولنا في الفصل الثالث بدراسة استراتيجية ايران في جمع القضايا المتعلقة بأقليم الكوردستان كتقسيم العراق و استقلال كوردستان الجنوبي و تأثير ذلك عن توازن القوى في العراق و أخيرا موقف ايران من اهدافيها في اقليم كوردستان و مصالحها الحيوية و اختمنا البحث بخاتمة والأستنتاجات

## Abstract

Kurdistan Region is located among three big civilizations (Persian, Turkish, and Arabic). For Centuries, Kurd's land became the field to clash between these civilizations. Since Islam conflict via Persian Sasany and Romans in Medieval till now, Kurdistan Region has occupied and oppressed by these authorities. In each period, they applied difference mechanisms to make hegemony on the region, such as, history, coexistence, ethnic, geography, religious to their support by Kurdistan Region to its self-interest.

Currently, each of these civilizations attempt to hold Kurdistan Region to its hegemony in the region. The Shi'a polar that Iran is its motivator has rounded Kurdistan Region in three sides, Iran, Iraqi Shia and Syria Alawy. This polar is part of Russia polar. Second, polar that working to pull Kurdistan Region is consist of Turkey, Qatar, Saudi Arabia (Sunni Front) which joined US and Western States.

Iran practices Double Stander policy regarding Kurdistan Region. In one hand, Iran believes that the political and economic stability the Kurdistan Region is part of its country security and cannot lose its strategic interests, typically after the independence of Kurdistan Region in economic and political side with found, and sent its pipe energy to abroad. On the other hand, strengthening of Kurdistan Region and joining with Sunni Front in the region count as a serious threat on its Kurds territory and domestic security.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٢) - ژمارە (١)، ڕەشەمێ ٢٠١٧
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) : ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی

This study attempts to find out the attitude of Iran's Foreign Policy regarding Kurdistan Region. Initially, I explained a theoretical framework to connect Iran foreign policy in Constructivism and Realism theories of international relations and relation with the Kurdistan Region, since without this; we cannot select Iran's way of dealing regarding Kurdistan Region. In first chapter, we came to analyzing Iran's foreign policy elements, such as, the basic of "Wlayat Faqhi", "Tawala Tabary" then carry out this classical politics by Quds Military Force that is part of Pasdaran force in Meddle East to make strong security circle around Iran. Further, in this part we discuss Iran-Iraq relations based on cooperation between them against Sunni Front and their relation based on Algeria Agreement. There is explanation of formal and informal relations between both countries in the second chapter. Third chapter demonstrates the strategy of Iran in same issues regarding Kurdistan Region such as division of Iraq, independence of Southern Kurdistan and effect on the balance of power in advantage of Sunni Front. As well as, Iran attitude in some its interests in Kurdistan Region in last part.